# پیاوەنوورانی یەکان

ڕەسووڵ سووڵتانی

جەماوەرەکە بۆ بیستنی ئایەتەکانی بارانی ڕەحمەت گەیشتنە نێوان دوو تەپۆلکە. چەند پیاوێکی نوورانی لە تەپۆلکەکان وەسەرکەتن. هاوکات دەستیان کرد بە قسە. خەڵکەکەش هەر کام ڕوو بە پیاوانی سەر یەکێك لە تەپۆلکەکان و پشت لە وانی دیکە چەپڵەیەکیان لێدا. دەستیان کرد بە هەڵپەڕین. لە سەر هەردوو تەپۆلکەکانەوە دەنگی زوڕنا بەرز بۆوە هەر کام لە هەوایەك. تەپوتۆز لە یەکتری ون کردن. پیاوانی سەر تەپۆلکەکان "بیلامانێ" سەری ك ... یان گرت و دەستیان کرد بە میز هەڵداشتن. وردە وردە خۆڵی بەر پێی شایی کەران مرد. لە خۆشی باران هەر کام چەپڵەیەکیان لێدا...

باران دەباری و بەر پێیان بوو بە قوڕو چڵپاو. شایی‌یان هەر بەرنەدا. هەر دەستەیەی ڕوو بە لایەك بەر پێی شایی‌کەران بوو بە لیتە. دەگەڵ هەر پێ پێدادانێك سەروچاوی یەکتریان سواخ دەدا. ئەوانی سەر تەپۆلکەکانیش بە ڕوخساری نوورانی‌یەوە هەر میزیان پێدا دەکردن. شایی هەر دەهات و گەرمتر دەبوو.

بەر پێی شایی‌کەران زەلی. دەستیان هەر بەر نەدا. مەگەر جاروبار لە شاییەکەدا ئەویش بۆ چەپڵەیەك. قوڕو لیتە هەتا نێو قەدیان قووتی دان. مەست بوون. تەنیا چەپڵەیان لێدەدا. پیاوە نوورانی‌یەکانیش بارانی ڕەحمەتیان بۆ نازڵ دەکردن.

هەتا بن چەناگەیان لە زەلکاوەکەدا ڕۆچوون.

دەستیان بۆ دوایین چەپڵە بەرز کردەوە. پیاوانی سەر تەپۆلکەکان بە ڕوخساری نوورانی‌یەوە هەر بارانیان بۆ دەباراندن و تەپۆلکەکانیش بە خێرایی چووك دەبوونەوە.

■